# یاسای پووچەڵکردنەوەی کۆمەڵە هەرەوەزییەکانی جوتیاران

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ١٨**
**رۆژی دەرهێنان: ٣٠/١١/٢٠٠١**

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داوای وەزیری کشتوکاڵ وئاودێری ورەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران وئەو یاسارکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە(٢١)ی رۆژی (٢٩/١١/٢٠٠١)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەلاتەش کە برگە(٣)ی مادەی دووەم لە یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە( ١٨)ی ساڵی ٢٠٠١
## یاسای پووچەڵکردنەوەی کۆمەڵە هەرەوەزییەکانی جوتیاران

**ماددەی یەکەم:**

یاسای ژمارە(٤٣)ی ساڵی(١٩٧٧)ی کۆمەڵە هەرەوەزییەکان، لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەکار دەخرێ.

**ماددەی دووەم:**

کۆمەڵە هەرەوەزییەکانی جوتیاران لە هەرێمی کوردستاندا پووچەڵ دەکرێنەوەو، هەموو موڵک وماڵی دەستهەڵگرو دەستهەڵنەگر(گواستەنی وناگواستەنی)یشیان دەبن بە موڵک وماڵی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێریی هەرێمی کوردستانی عێراق و بەناوی ئەو وەزارەتەوە تۆمار دەکرێن.

**ماددەی سێیەم:**

هەردەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە(وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**